# عەلی بابا.. سەرکردەی دەستبەسەر

**بە زیندانیانی سیاسی پێشکەشە**

**مەهدی ئومێد**
**(سوێد)**



**کەسەکان:**
**عەلی بابا:** گەنجە
**مەرجانە:** ژنی عەلی بابایە، گەنجە.
**خانمە چیرۆکبێژ:** چەند ڕۆڵێک دەبینێ، تەمەنی مام ناوەندە.
**دەستەڵاتدار:** تەمەنی ٥٠ ساڵ بەرەو ژوورە.
**دانیشتووانی گەڕەک.**

کووچە و کۆڵانی شارێکی ڕۆژهەڵاتی پڕ ئاژاوە، دەرگا و پەنجەرەکان داخراون و دەڕواننە سەر مەیدانێک کە چەندان وایەری کارەبایی ئاڵۆز و تێکەڵ بە یەک بە نارێکی شۆڕبوونەتەوە و چەند گڵۆپێک هەڵواسراون، جاروبار و لە ناکاو دادەگیرسێن و سەرلەنوێ دەکوژێنەوە. وێنە و ڕیکلامی خۆ هەڵبژاردنی چەند کەسێک لەنێویاندا عەلی بابا هەیە. گورەی ئۆتۆمۆبێل تیشکی هەورە برووسکە، دەرگایەک دەکرێتەوە و دادەخرێ و دەنگەکەی لەکاتی بێدەنگی و کپیدا ترسێک دەبەخشێ و سەرلەنوێ دەکرێتەوە، سەگوەڕ و هەرایەکی دوور، دەنگی ژنێک بەرگوێ دەکەوێ کە چیرۆکبێژی ڕووداوەکانە.

ئەمە دەرگایەکی زۆر بێزارکەرە.. دەنگ ناخۆشە، ڕەشەبا یاری پێ دەکات، هەر لەو دەرگایەوە مێژوو وەک منداڵێکی ورکن سەیری مرۆڤ دەکات، جارێک تووڕەیە، جارێک دەگری و جاروباریش پێمان پێ دەکەنێ. (لەناکاو کەسێک بەجلوبەرگی سوڵتانە کۆنەکانەوە لەبەر دەرگاکە پەیدا دەبێت و کتێبێکی گەورەی پێیە دەیخوێنێتەوە، بەردەوامی هەمان دەنگە کە گوێمان لێ بوو، واتا دەنگی چیرۆکبێژ، کە هەنگاو بەرەو پێش و بەرەو دواوە دەنێ، جاروبار وەک پایسکل لێخوڕینێکی لەسەرخۆ خاودەبێتەوە.)

دەنگی خانمە **چیرۆکبێژ:** من لەنێو کتێبێکەوە لەدایک بووم و لەنێو تاریکایی هەزاران شەو و هەزاران داستاندا کە تراجیدیا و کۆمێدیای تێکەڵ کردووە، من لەوێوە بۆ لاتان هاتووم. ئەمشەو لەم دەرگایەوە هاتووین و دەبینە

میـوانی ئێـوە، منداڵە ئازیزەکـان و گـەورەکـان دەتوانن سـەیرمـان بکەن و هەندێک خـەفـەت و هەندێکیش پێکەنین، با بزانین خـەڵکی دەسـتـەڵاتدار بۆ وا دەکەن..ئەگەر پرسیارێکتان هەبوو وەڵامتان نادرێتەوە؟ (بێـدەنگی)…. چونکە شـانۆگـەرییـەکـە خـۆی وەڵام دەداتەوە نەک من.

ئەم دەرگـایە بە فـارسی و کـوردی پێی دەڵێن هەزار و یەک شەو، یەکشـەب، بە عارەبی ئەلف لیلە وە لەیلە، بە سویدیش، بە ئینگلیـزیش، ئۆۆ. زمانەکـانی تریش زۆرن کێشەیەکی گەورەشیان بۆ مرۆڤ دروست کردووە..

پێـویـسـتـە هەزاران شـەوی تر هەنگاو بنێم و دەزانم هەرناگەم، ژیانیش گەشتێکی کورتە بەرەو شوێنێک هەر دەڕۆیت و وەک من پایەدەر لێ دەدەیت و پێی ناگەی (لە نێو کتێبەکەوە تاجێک دەردێنێ و لەسەری دەکا و بە عەبا و کـوفـتـانی سولّتـانەکـان خـۆی دادەپۆشێ، وەک دەسـتـەڵاتدارێک دەدوێ) کەواتە من مێژووم! مێژووی ڕۆژهەڵاتێکی دەوڵەمـەند و زۆر هەژار. دەسـتـەڵاتدارانی دەوڵەمـەند و مـیللەتانی هەژار و پڕ ساختـە و فڕوفـێڵ، ڕووسەکان پێی دەڵێن ڤاستۆچنایا موودرە ست، هاهاها بەم فـڕوفـێـڵانەی ڕۆژهەڵات دەڵێن زیرەکی و ژیری و حیـکمـەت.. زۆر بەو گـەمـەیە دڵخـۆشم کە مرۆڤـەکـان دەیکەن و پێی دەڵێن دەستەڵات. من پاشا و خـەلیفـە و سولّـتـان و سـەرۆک و دیکتـاتۆر و دز و دەسپاکـەکـان و هەموو یاسا و ڕێساکان لەسەر زمانم و لەناو دەستمدان، بۆیە من زۆر مانـدووم و بـارم زۆر گرانە، کەچی هێشـتـا ئێوە نازانن من کێم؟ من چیرۆکـبێژی شانۆگەرییەکەم، شانۆگەریش هەرچی لێ بکەیت و هەرچۆنێکی بنووسی و چۆنی نمایش بکەیت کـام ڕێبـازی کـۆن و کـلاسـیک و مـۆدێرن و پۆست پۆست مـۆدێرن و لە ئەمـفـیـتـیـاتر و سـەرجادە و نێـو کـۆڵان و سـەکـۆی مـاڵان، یان هۆڵێک بەکاری بێنیت هەر پێی دەڵێین نمایشی شانۆگەری. دەبێ یاری بکەین و بلێـزین. لاسایی کەسـەکـان بکەینەوە کە نووسـەرەکـە نووسـیـویـەتی.. کـەواتە هەمـوو ڕێبـازەکـان کـلاسـیک و نوێ یەک ڕێگایان هەیە و لەسـەر شـانۆ و لەسـەر جادە دەبێ بلێـزن، هەهـهـهـ لەبیـرتان نەچێت من کەمێک زۆربلێم و ئەم ژیانەش شانۆگەرییەکە و نازانی کـەی دەسـتی پێ کـردووە و کـەی تەواو دەبێ، ئەوە من دەمم داخـسـت (کـەسـێکی تر لە تـاریکایی شـانۆکـەوە جلوبەرگێکی سەربازی سەردەمی سولّتانەکانی لەبەردایە بە تەنیشت ئەشکەوتەکەوە پەیدادەبێت).

**دەسـتـەڵاتدار:** ئا ئا من دەستەڵاتدارم! بەسە و بیبڕەوە زۆری مەڵێ و چاکە خۆت دەمت داخست، ئەگینا من بە زۆر پێم دادەخـسـتی ژنە زۆر بلێـکە. من هەمـان ئەو پاشایەم کە هەزاران ژنم ئازار دا و کوشتمن، ویستم یەک ژن لەسەر ڕووی زەوی نەمێنێ و مرۆڤایەتیش کۆتایی پێ بێت. مـرۆڤ لە ناخی ژنەوە پەیدادەبێت، بۆیە مـرۆڤ هەندە شـەیدای دەسـتـەڵاتە و دەڵێن گـوایە پیـاوانی ترساندووە (پێدەکەنێ) ژن.. بۆ ئەوەی دەستەڵاتدارێک کێشـەیەک بۆ کەسانێکی تر بنێـتەوە، یان کێشـەکـانی خۆی چارەسەربکات ژن لە خانەوادەیەک دێنێ، یان کچ و خوشکی خۆی دەداتێ، کە مەبەستێتی و ئیتر نموونەکان زۆرن. ژن واتە دەستەڵات!

**چیـرۆکـبێژ:** نەخێر ژن، واتـە ژیان، واتە جوانی ژین و ژیان.

**دەسـتـەڵاتدار:** نەخـێـر واتە.. واتە دەسـتـەڵات(تووڕە دەبێ).. بەڵام پیاوی ڕۆژهەڵاتی زیرەکی وەک من فریای خۆی کەوت و ئەو دەستەڵاتەم بڕڕی، تەواو. پیاو پیاوە دەبێ ژنەکانی لە کون و قوژبن و چێشتخـانە و تەویلەی مـاڵـەکـاندا وەک دیل سـەیرکـات ئەگینا ترسناکن، من ڕووداوە ڕاسـتـەکـانی هەزار و یەک شـەوەشـتـان بۆ دەگـێـڕمـەوە. ئێـسـتـا من ئەو سولّـتـانەم، ژنەکەم منی نەدەویست و سـزام دا و بوون بە سـەدان ژن، ئەوان هەر منیـــان نەدەویست و لە دەســتم ڕایانـدەکــرد، منی دەستەڵاتدار کە خوداوەند هێزی سولّتانی پێ بەخشیوم ئەگـەر لە ژنەکـەم بتـرسم دەبێ لە مـیللەتیش بتـرسم و ئەوکات دەمکوژن.. ژن واتە میللەت، گەل، خەڵک، ژن، ئەم ناوە ناخـۆشـانە بەکـەڵکی دەسـتـەڵات نایەن (بە تووڕەییـەوە) کـەواتە پێش ئەوەی بمکوژن دەیانکوژم و دەیانتـرسێنم، برسـیـیـان دەکەم و دەربەدەری وڵاتانیـان دەکــەم، با بڕۆن ئاوارەی ئەورووپابن، چەند لێم دووربن سەرم سووکتر و کێشەم کەمتر دەبێت، میللەتێک، واتە ژنێک منی نەوێ بۆکوشتن باشە (بە نەرمی و کەمێک پێدەکەنێ)، بەڵام تەنیا ژنێک کە توانی سواری سەرم بێت و خۆی بەسەرمدا سەپاند ناوی شەهرەزاد بوو (سەر شانۆ بەجێ دەهێڵێ).

**چیرۆکبێژ:** کەواتە، شەهرەزاد!!! شەهرەزاد، ئەو ژنەی

که سوڵتانی سەرسام کرد هەزار و یەک شەو چیرۆکی بۆ گێڕایەوە. هەر لە کۆنەوە هەزار و یەک شەو ژنێک گاڵتەی بە سوڵتانەکان و پاشاکان کرد، لە کۆتاییدا شەهرەزاد گوتی ژن لە پیاو فێڵبازترە، پیاو لە ژن بێ دەسەڵاتترە و ژن دەتوانێ بیانگۆڕی، کەچی بە داخەوە دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات ناگۆڕێن. ئەستێرەکانیش دابەزن پاشای گۆڕان لە شوێنی خۆیدایە و بەرەو خراپتر دەگۆڕدرێ (پرچەکەی هەڵدەداتەوە و ملپێچێکی سوور لە مل دەکات و هەندێک لە جلە شڕەکانی فڕێ دەدات و وەک خانمێکی جوان خۆی نیشان دەدات) من شەهرەزادم، کەواتە بەگێڕانەوی چیرۆکی خۆش وام لە سوڵتانێکی دڕندە کرد کە چاوەڕوانی بەسەرهاتەکان بێت و ئیتر کەس نەکوژێ. ئێوەش وەک من چاوەڕوانی تاکە یەک چیرۆک بن! من لە جیاتی شەهرەزاد ئەمشەو چیرۆکی عەلی بابای سەردەم و پاشای دەستبەسەرتان بۆ دەگێڕمەوە. کوان لە کوێن (چاو دەگێڕێ) خۆتان مەشارنەوە! ئەی دانیشتوانی میسۆپۆتامیای داماو لە کوێن؟ خۆ مەشارنەوە، خۆتان نمایش کەن و وەرن سەرکردە و سوڵتانی خۆتان هەڵبژێرن (عەبا و کوفتانەکەی بۆ ئاسمان هەڵدەدات و دەیگرێتەوە، سەمادەکات، پەنجەرەکان دەکرێنەوە، پێنج کەس سەراپا جلی ڕەشیان پۆشیوە، لە پەنجەرەکانەوە، لە دەرگاکانەوە دێنە سەرشانۆ، ماوەیەک دانسێکی توند و شێتانە دەکەن و عەبا و جلە ڕەشەکان لادەبەن و بۆ ئاسمان و بۆ یەکتری هەڵدەدەن و دەیانگرنەوە، یارییان پێ دەکەن، بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە کە لە ژێر جلە ڕەشەکانەوە لەبەریانە دانسەکانیان پەرە پێ دەدەن، دەکرێت پیاویشیان لەگەڵدابێت، سەرو مەنجەڵی بەتاڵ و کەوچکی داریان بەخۆوە بەستووە، لە کاتی دەنگی تەپڵەکاندا بە ئاستەم لە بنە مەنجەڵەکان دەدەن و گوێمان لەم گۆرانییە دەبێت)

**هەموو پێکەوە:**

هەرتۆ ڕزگارکەری ئێمەی
عەلی بابا
هەرتۆ فریادڕەسی ئێمەی
عەلی بابا
شەوگارەکان ساردوسڕن
ڕۆژگارەکان هەڵم و گڕن
عەلی بابا
گەورە و بچووک بۆ دیدەنیت بە پەرۆشن
گەر تۆ نەبی مەیدانەکان
بازاڕی گوند و شارەکان
سەراپا
کپ و خامۆشن
عەلی بابا... عەلی بابا..

**یەکەم:**

سەراپا دایک و خوشکەکان

**دووەم:**

بووکە
گەنجە بەدبەختەکان.
کۆرپە پیر و
سەرسەختەکان

**سێیەم:**

هەرهەموو مات و خامۆشن
تازییەبار و
سیاپۆشن

**چوارەم:**

یاسا و ڕێسا دۆستی دێرینی سێدارەن
نیوەی خەڵکی، چەکدارانی بەرەی شەڕن

**پێنجەم:**

بەرەو کوشتار داڵاش و گورگ و سەرگەڕن
هەروەک مەڕن
نیوەی دیکەی بەڕێوەن خەریک سەفەرن
لە ئەوروپا دەربەدەرن

**هەموو پێکەوە:**

تەنیا کەسێک هاوکارمانە
لە گەڵمانە
زیرەک و چوستوچالاکە
چاونەترسە، دەستی پاکە

(مەرجانە و عەلی بابا کوڵە داریان پێیە و دەردەکەون و کوڵەکان دادەنێن)

**مەرجانە:** کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و باشە، عەلی بابای ئاسنتاشە هەر بۆ پاشای وڵات باشە

**هەرهەموو پێکەوە:** هێێێێێێ هێێێ عەلی بابا (هەر کەسەو بەشی خۆی لە پارچەدارەکان دەبات و دەچنە ژوورەوە. لە پەنجەرەکانەوە دووکەڵ بەرزدەبێتەوە..

پەنجەرەکان دادەخرێن و دەنگ و هەرای خەڵک بەردەوامە، تەنیا هەردووکیان لەسەر شانۆن)

**عەلی بابا:** مەرجانە

**مەرجانە:** ها

**عەلی بابا:** بڵێ بەڵێ

**مەرجانە:** بەڵێ عەلی بابا، هیلاکی، ماندووی؟

**عەلی بابا:** زۆریش، چونکە هەروەک لە داستانەکەی هەزار و یەک شەوە من لەم شانۆگەرییەدا هەر دار فرۆشم، ئەمە چارەسەر نییە. دەمانەوێ چی بکەین؟ بە کۆڵەدار وڵات ڕزگار ناکرێت.

**مەرجانە:** بۆ؟ عەلی بابا دنیا ساردە و زستانێکی سەختە و خەڵکی سەرمایانە. کارەبا و ئاویان نییە، شەڕە، خەڵکی بێزارن. تۆ کاندیدی ئەو خەڵکەی، چاوڕوانی دەنگی ئەوانی، دەنگی گەل بەدەست بێنە، من و تۆ و ئەو خەڵکەش دەبێ لە دەست ئەم دیکتاتۆرە ڕزگارمان بێت.

**عەلی بابا:** خانمە نازدارەکەم ئەم جۆرە گفتوگۆیانە سواون و باویان نەماوە، باسی شتی دیکەم بۆ بکە. ئێمە دارستانەکان ئازار دەدەین و دارەکان دەبڕینەوە و بۆ خەڵکی دەبەین تا بیسووتێنن، ئەم کارە لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی هەزار و یەک شەوە دەکرا، نەک ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەک، بەم کارەمان سروشت زیانی بەردەکەوێ مەرجانە. بەدار بڕینەوە دەوڵەتێکی مۆدێرن دروست نابێ مەرجانە.

**مەرجانە:** لەهەر شوێنێکی ئەم دنیا مەزنە شەڕ هەبێ وێرانکاری و زیانیش هەردەبێت و هەیە و زۆرن، تۆ خۆت لە وتارەکانی خۆتدا باسی دارستانت نەکردووە، باسی کارگەکانی ئەورووپات کردووە کە چۆن چەک دروست دەکەن، دووکەڵێکی زۆر بەرەو ئاسمان دەنێرن، تۆپ و مووشەک و چەکی زۆر گەرم و ئاگرین بۆ هەموو دنیا دەنێرن و دەبنە هۆی شەڕوشۆڕ و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما.. هەموو وتارەکەم لەبەرە، لە شوێنێکی تردا دەڵێیت:

دارستانەکانیش دەسووتێن. شارەکان و گوندەکانیش دەڕووخێن، خەڵکی دەکوژرێن و ئاوارەدەبن. ئۆف عەلی بابا، هەڵوێستی باش و وتارە جوانەکانت، لە ڕۆژنامە و میدیاکان و تەلەڤیزیۆنەکان سەرنجی من و خەڵکیان ڕاکێشاوە، ناوی تۆیان ناوە ئاسنتاش، واتا هەندە بەهێزی دەتوانیت ئاسن بتاشی. دەیانەوێ ببیتە پاشای وڵات و ئیتر شەڕ نەمێنێ. عەلی بابا تۆ دەبیتە پاشایەکی دادوەر و چاک، میللەت تۆیان دەوێ باست دەکەن، ستایشت دەکەن، گۆرانیت بۆ دەڵێن، شیعر و چیرۆکیان پێشکەش کردووی. وێنەکانت لەسەر سنگی میللەتە، ناوت لە ناو دڵی میللەتدایە ئاسنتاش.

**عەلی بابا:** (چەند وێنەیەکی بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون لێیان دەکاتەوە و بە نەرمی دەدوێ، مەرجانە ڕێی پێ دەگرێت و ناهێڵێت و هاوار دەکات)

**مەرجانە:** بۆ وادەکەی بۆۆۆ بۆۆۆ؟تۆ دەترسیت، یان پەشیمان بوویتەوە.

**عەلی بابا:** کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات مەرجانە! ئەوەندە باسم دەکەن و شیعر و سروود و گۆرانیم بۆ دەڵێن وینەکانم بڵاو دەکەنەوە تا لەڕێ دەردەچم. وەک منداڵێک زۆر نازونووزی بدەیتێ ئاوها ڕێگای ڕاستم لێ دەشێوێ، ورکن وخۆبەزلزان و گرینۆک و دژوارم لێ دەردەچێ. میللەت خۆی دیکتاتۆر دروست دەکات خانم، من نامەوێ ببمە دیکتاتۆر مەرجانە.

**مەرجانە:** (بە گریانەوە) بۆ ناتەوێ ببێتە پاشا بۆ؟ تۆ لەخۆبایی بوویت عەلی بابا؟

**عەلی بابا:** نەخێر، بەڵام سەرکردەیی و سەرکردایەتی ئێشێکی گرانە و بەمن ناکرێ.

**مەرجانە:** کامیان گرانترە، کۆڵکێشی و داربڕینەوە، یان پاشایەتی

**عەلی بابا:** پاشایەتی

**مەرجانە:** بۆ؟

**عەلی بابا:** بۆیەو ئەها!خەوی بەیانیانم لەدەست دەچێ.

**مەرجانە:** جا... ئیشی پاشا هەر خەوتنە بۆ خۆت هەر بخەوە و میللەتیش لەگەڵتا دەخەوێ و بە خەوتووییش هەر خزمەت دەکرێی.

**عەلی بابا:** من باسی خەوی بەیانیان دەکەم مەرجانە.

**مەرجانە:** تا دەی بەیانی بخەوە.

**عەلی بابا:** کەمە.

**مەرجانە:** تا دوازدەی نیوەڕۆ بخەوە.

**عەلی بابا:** (پێدەکەنێ) کچێ بەیانیان زوو تا نیوەڕۆ گەل و سەربازەکان دێنە بەر دەرگە و پەنجەرەکان نزای خێروخۆشی و پاڕانەوە لە خوام بۆ دەکەن کە هەر

ساغ و بێوەی بم.
**مەرجانە:** هەر بۆ تۆ، یان بۆ منیش؟
**عەلی بابا:** بۆ هەردووکمان مەرجانە.
**مەرجانە:** جا ئەوە کوێی خراپە، زۆر باشە عەلی بابا، ئەوە نیشانەی دڵپاکی و ڕاستگۆیی میللەت پیشان دەدات.
**عەلی بابا:** بەو شێوەیە دەمکەن بە دیکتاتۆر.
**مەرجانە:** دە لەبەر خاتری من چەند ساڵێک پۆستی دیکتاتۆرێکی باش و بەویژدان وەرگرە. دیکتاتۆرەکانیش جۆراوجۆریان هەیە، خراپ و باش، تۆ باشەکەیان بە!
**عەلی بابا:** نابێ ناکرێ، نابێ ناکرێ نابێ!بۆم ناچێتە سەر، پێویستە لە ئاسمان، یان لە ناخی زەوی لەنێو دەریاکان لەگەڵ ماسییەکان خولێکی پەروەردەیی سیاسی وەرگرم خانم تا فێر بین لەمەودوا گەورە بچووک نەخوات.
**مەرجانە:** دەبچۆ بۆ نێو دەریاکان لەوێ ئەو خولە وەرگرە، لەوێش ماسیی گەورە ماسیی بچووک دەخوات و هەڵیدەلووشێ، تۆ شیعرم بۆ مەخوێنەوە، گوێم لێ بگرە!
وادیارە ئەم کارە بەتۆ ناکرێت، دەنگەکانی خۆت بە من بدە، من دەبمە سەرۆک، بە خەڵکەکە بڵێ من و مەرجانە هیچ جیاوازییەکمان نییە و نێر و مێ لە سیاسەتدا هەر یەکن، ژن و پیاو یەک خانەوادە و یەک دەستەڵاتن.
**عەلی بابا:** نەخێر مەرجانە نەخێر، من دەستبەرداری نابم و بەجێی ناهێڵم، ئەمە شوول و پیشەی تۆ نییە. خۆت تووشی سەرئێشە مەکە، ئەم وڵاتانەی ئێمە کارگەیەکی خراپی پاشایەتین. دیکتاتۆریش هەروا ئاسان نییە و کێشەی زۆرە نەک بەیانیان، شەوانیش ناخەوێ.
**مەرجانە:** باشە من ئامادەم هەر ناخەوم بە شەو و بە ڕۆژ ناخەوم و ناشهێڵم کەس بخەوێ.
**عەلی بابا:** (چەپڵەیەک لێ دەدا) دیکتاتۆرێکی پرۆفشیۆناڵی ژنانەی سەرنەکەوتووی فاشیل. دانیشە با کەس گوێی لێمان نەبێ، سیاسەت هەروا ئاسان نییە.
**مەرجانە:** سیاسەت نێر و مێی نییە..ژن و پیاو لە سیاسەتدا جیاوازییان نییە.
(زەنگی مۆبایلەکەی عەلی بابا، مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەردێنێ).
**عەلی بابا:** وس بە، بێدەنگ با بزانم کێیە هەلۆو.. بەڵێ فەرموو!
**دەنگ:** هەزار سڵاو لە پیاوی ئازا و شێری شێران پاشای پاشاکان عەلی بابا من وێنەی تۆم لەناو مانگەشەودا بینی، مانگی یەک شەو، لەنێو مانگی نیوە مانگ، لەئاسمان وێنەی دەموچاوت دەدرەوشایەوە، تۆ ڕزگارکەری ئێمەی، تۆ پادشای ئێمەی، سوڵتانی هەژارانی. ئەمە خەونە، یان ڕاستییە گەورەم، من گوێم لە دەنگی جەنابتان بوو هەی گەورەم. هەی ئاسنتاش، خوات لەگەڵ گەورەم، جەنابی پاشای مەزن (دادەخرێت).
**عەلی بابا:** ئەوەتا، هێشتا هەڵنەبژێردراوم و نەبووم بە پاشای وڵات. ئۆ هەهەهەهەها بەم شێوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیکتاتۆرەکان دروست دەکەن. (زەنگی تێل)
**مەرجانە:** بێنە من وەڵام دەدەمەوە!
**عەلی بابا:** نا پێویست ناکات، هەلۆ بەڵێ..
**دەنگ:** دەموچاوی جەنابتان نووری ئاسمانەکانی تێدا تیشک دەداتەوە، کە جەنابتان بوون بە سەرۆک، لەشکرەکانی هەموو دنیا لە بەردەمتا سەر دادەنەوێنن، تۆ گەورەی، مەزنی شاهنشای سەروەری (دایدەخا، سەرلەنوێ زەنگ)
**مەرجانە:** زۆر جوان دەدوێن و وشەکانیان شێتم دەکەن، بێنە من وەڵام دەدەمەوە، میللەتەکەمان هەر هەموویان شاعیرن (بە زۆر لێی وەردەگرێ).
**مەرجانە:** بەڵێ فەرموو، گوێم لە جەنابتانە.. وشە جوانەکانتان، ئەو ڕاستیانەن کە لە ناختانەوە دەردەچن، ئێوە نیشانەی جوانی ژیانن، شایستەی دەستەڵاتەکانی ئێمەن فەرموون بڵێن و هەروا وشەی شایستەمان پێویستە بڵێن!!
**دەنگ:** ئێوە زۆر دەبەنگن!!
**مەرجانە:** هاهاها؟ بۆۆۆ؟
**دەنگ:** هەروا بۆ خۆشی.
**مەرجانە:** چچچچیت وت؟
**دەنگ:** دەبەنگ و گێلن.
**مەرجانە:** بۆۆۆۆۆ؟
**دەنگ:** هەروا بۆ خۆشی
**مەرجانە:** ئاخر بۆ
**دەنگ:** بەتایبەتی تۆۆۆ
**مەرجانە:** من؟ ئاخر بزانم بۆۆۆ؟(دادەخرێت و سەرلەنوێ زەنگ)
**دەنگ:** خانم ژمارەی تەلەفۆنی بەڕێز عەلی بابایە؟

**مـەرجـانە:** بەڵێ بەڵێ، ئەی هاووڵاتی بەڕێز ئێمـە و ئێوە پێکەوە زۆر..

**دەنگ:** زۆر زۆر... خانم زۆر دڵتان خۆشە؟ ئێمەش وەک ئێوە دڵمان خۆشە، جەنابتان خانمێکی نەرمونیان و ئازا و جەربەزەی توخوا ئاگات لە جەنابی عەلی بابابێت و ئەو گەورەمانە، با ئێمەش سەرمان لە ڕێگەی ئێوەدا بەختکەین (دەنگە دەنگ پەیدا دەبێت و کەسێکی تر دەیەوێت لەگەڵ مەرجانە بدوێت، بەڵام دەنگی یەکەم ڕێگری دەکات)

**دەنگی دووەم:** بێنە منیش دەمەوێ لەگەڵ ئەو خانمەی بدوێم.

**دەنگی یەکەم:** بوەستە با من بەتەواوی دڵم خۆش بێت.

**مەرجانە:** زۆریش دڵمان خۆشە، هەموو میللەت وەک من و تۆ دڵی خۆشە.

**دەنگی دوو دێتە سەر هێڵ:** جەنابی عەلی بابا دەبێتە چی؟

**مەرجانە:** لەسەر داخوازی تۆ و میللەتە مەزنەکەمان، بە دەنگی ئێوەی بەڕێز دەبێتە سەرۆکی وڵات.

**دەنگ:** هەهەهەهەها. (بەتووڕەییەوە) پێی بڵێ ناوی خۆی لە لیستی کاندیدەکان لابا، کەسێکمان ناوێ لە ڕێبازی سوڵتان و پاشاکانمان لابدا. ئێمەی ڕۆژهەڵات سەرکردەی بەهێز و ترسناکمان دەوێ، نەک ترسنۆک. خەڵکی سادە و ساکار و هەژارمان ناوێ، چیلکە و دار بۆ ماڵە سواڵکەرەکان کۆکاتەوە، بە زووترین کات خۆی بکێشێتەوە، ئەگینا دێم و هەردووکتان دەبەستمەوە و دارکاریتان دەکەم، سەگی ئەو گەڕەکانەتان تێ بەردەدەم (تەلەفۆنەکە دادەخات).

**مـەرجـانە:** دارکاری! ئای ئەوە چی دەڵێی گـێـژی دەبەنگ دەنگت دەناسـمەوە، جێگات زیندانە؟ هەر دەستەڵاتمان وەرگرت عەلی بابا ژمارەی مۆبایلەکەیانم لایە و دەنگیشی دەناسمەوە ڕاستەوڕاست ڕێک بۆ زیندان.

**عەلی بابا:** (پێدەکەنێ) زیندان زیندان.. دیموکراتی واتە هەموو کەس دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەموو شتێک بڵێت.

**مەرجانە:** جنێویش.

**عەلی بابا:** بەڵی جنێویش بۆ ئەوەی ئێمەی شەرقی، واتە خاوەرمیانە فێری دیموکراتی بین، دەبێ بە هەموو شتێک ڕازی بین.

**مەرجانە:** خاوەرمیانە شەرقی خۆ هیتلەر خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوو، دیکتاتۆرێکی ئەوروپی بوو.

**عەلی بابا:** ڕاستەکەی مەرجانە، هیتلەریشیان زۆر هەڵکێشا و زۆر ستایشیان کرد و شیعریان بۆ گوت، تابلۆی گەورە و مەزن و فیلم و سروود و گۆرانییان بۆ وت، جیاوازی نییە چ ئەڵمان بیت چ خەڵکی ڕۆژهەڵات، زۆر هەڵکێشان و ستایش و پیاهەڵدان خراپە و دەتکاتە دیکتاتۆر، هەی هاوسەرە جوانەکەم، هەی مەرجانەی ئازا و هاوکارم، هەی هاوڕێ پاڵەوانەکەم.

**مەرجانە:** بەسە بەسە بەسە، هەندە شیعرم بۆ مەڵێ و ئۆف عەلی بابا خەریکە سیاسەتی نەرمی تۆ ماندووم دەکات، وام لێ مەکە بەسەر تۆوە ببمە دیکتاتۆر (بێ دەنگی، بە پێکەنینەوە مەرجانە دەڵێت).

لەبەر خاتری من ماوەیەک ببە بە دیکتاتۆر!

چیرۆکبێژ لە پێشەوەی شانۆکەوە ڕووناکی بەردەکەوێ سەیری بینەرانی هۆڵەکە دەکات.

خانمە **چیرۆکبێژ:** ئەم دووانە زۆر بەسادە و ساکاری دەڕواننە دەستەڵات و سەرکردایەتی، بۆ ئەوەی عەلی بابای ئاسنتاش زیاتر لە کێشمە کێشەکانیەوە نزیک بێت دەبێ هەر بە ڕاستی خەریکی زۆرانبازی بێت، بەڵام ئایا ئەو هێزەی هەیە؟ بێجگە لە مەرجانەی هاوسەری کەسی تر پشتگیری لێ دەکات؟

کەواتە لە نێو دارستانەکە چاوەڕێتانین.

### پەردەی دوو

(دارستان و ئەشکەوتێک، عەلی بابا و مەرجانە خەریکی بارەدارن، دەنگە دەنگێکی ناساز پەیدا دەبێت هەردووکیان گوێی خۆیان دەگرن و هێدی هێدی دەنگەکە نامێنێ، پەیژەیەک لە سەرەوە شۆڕدەکرێتە خوارەوە، کابرای دەستەڵاتداری سەرەتای شانۆگەرییەکە دادەبەزێ و لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا دەوەستێ، ئەمە هەمان کەسە سەرۆکی دزەکانی ئەفسانەی عەلی بابای هەزار و یەک شەوەیە، چەند کارتۆنێک وێنەی دۆلار و خشڵ و ئاڵتوونی جۆراوجۆری لەسەر نەخشێنراون، بۆرییەکی گەورەی نەوتیش لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەگەنە بەردەستی).

کابرای پلەدار (سەرۆک دزەکانی هەزار و یەک شەوە):
(هاوار دەکات).

ئەی ئەشکەوتی پڕ نهێنی و خاوەن دەسەڵاتی سەیروسەمەرەی تەلیسماوی، من لە ئاسمانەوە ڕاسپێردراوم کە سەرپەرشتی ئەو خەڵکە بکەم، داوات لێ دەکەم دەرگاکانت واڵاکە و بە فەرمانی من بکرێیتە!

**دەنگێکی میکانیکی خاو:** کۆد و ڕستەی نهێنی، کۆد و ڕستەی نهێنی نهێنی نهێنی نهێنی.

**کابرای پلەدار(سەرۆک دزەکان):** ئەی ئەشکەوتی نازدار، هەڵگر و پارێزەری نهێنییەکانم.

**دەنگی ئەشکەوت:** هەڵەیە...هەڵەیە!

**پلەدار (سەرکردەی جەردەکان):** من سەرۆک و سەرکردە و سوڵتانی ئەم وڵاتەم و هەرگیز هەڵە ناکەم.

**دەنگ:** هەڵەیە هەڵەیە هەڵەیە، یەک جارت ماوە، مافت دەسووتێ.

**سەرۆکی جەردەکان:** چۆن هەڵەیە.. من سەرۆکم، تۆ بۆ نهێنی و پاراستنی پارەکانی من دروستکراوی، من لە هەموو هەڵەیەک بەخشێنراوم.

**دەنگ:** هەڵەیە هەڵەیە، مافت نەما نەما نەما ما.

**پلەدار(س جەردەکان):** تۆ شێتی شکاوی سەقەتی ساختەی، ئەسڵی نیت و تەزویری

**چیرۆکبێژ** پەیدادەبێت: تۆ کێی؟

**سەرکردەی جەردەکان:** من منم.

**چیرۆکبێژ:** ئەی جەنابی من منم! بۆ کۆدەکە نازانیت؟

**سەرکردە:** من دەیزانم، دەبێ بە دەمەوچاومەدا بمناسێتەوە. دیارە کۆدەکەشتان گۆڕیوە، من....هەر هەمووتان بە ئەشکەوتەکەشەوە سزادەدرێن.

**چیرۆکبێژ:** تۆ سەرۆکی وڵاتی؟

**سەرکردە:** ئائائا.

**چیرۆکبێژ:** ئێرە سەرشانۆیە بڵێ بەڵێ.
دەتەوێ دەستەڵاتەکانتان بەجێ بێڵن؟

**سەرکردە:** نانانا، من هەرگیز دەستەڵات بەجێ ناهێڵم.

**چیرۆکبێژ:** بۆ؟

**سەرکردە:** چونکە دیاری ئاسمانە، خەڵاتی خوداوەندە بۆ من، خەڵاتی خوداش دەبێ پارێزگاری لێ بکرێت.

**چیرۆکبێژ:** خوداوەند هەڵەی وا ناکات.

**دەستەڵاتدار:** ئەستەغفیرەڵڵا،باسی خوداوەند مەکە.

**چیرۆکبێژ:** تۆ مۆڵەتی شۆفێریت هەیە.

**دەستەڵاتدار:** بۆ چیمە؟ من سەرۆکی وڵاتم، پێویستیم پێ نییە.

**چیرۆکبێژ:** ئەی چۆن سواری وڵاتێک دەبیت و چۆن میللەت لێ دەخوڕی؟

**دەستەڵاتدار:** من سواری تانک دەبم، نەک میللەت.

**چیرۆکبێژ:** تانکێک چۆن لێ دەخوڕی؟ دەبێ ڕاست و چەپ و یاساکانی جادە و نێو بازاڕ بزانیت، ئەگینا دەبێتە تانکەکەی خاوەن شکۆ و هەموومان دەشێلی.

**دەستەڵاتدار:** (لاسایی دەکاتەوە) تۆ کێی ئەمرم بەسەردا دەکەی؟ من بە ملیار دۆلارم بۆ کڕینی ئەو تانکانە خەرج کردووە، میللەتێکم بە برسێتی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە من بیانکەمە کەرەستەی تێست و تاقیکردنەوەکانی خۆم، من شانازی بەو میللەتەمەوە دەکەم کە خۆی دەخاتە ژێر زنجیری تانکەکانی منەوە، تۆ کێی پرسیاری ناخۆشم لێ دەکەی.

(عەلی بابا و مەرجانە دەردەکەون و لەپشتی دارێک خۆ دەشارنەوە).

**چیرۆکبێژ:** من مێژووم و چیرۆکبێژی شانۆگەرییەکەم، دەتوانم بە ئارەزووی خۆم چارەنووست بگۆڕم.

**دەستەڵاتدار:** من بەڕاستی سەرکردە و سەرۆکی وڵاتم، نە گاڵتە.

**چیرۆکبێژ:** نەخێر، تۆ کارەکتەری شانۆگەرییەکیت، تۆ ناتوانی یاخی بیت و بە ئارەزووی خۆت هەڵسوکەوت بکەیت، تۆ ئەکتەریت کۆدی ئەشکەوتەکە چییە؟

**دەستەڵاتدار:** ئەی دەرگای ئەشکەوتەکەی من ببوورە، ئەی دەرگا کۆنەکە ببوورە، ئەی دەرگای ئەشکەوت بکرێرەوە!

(بێ دەنگی، دەنگێک پەیدا دەبێ، لە جیرەی دەرگای کۆن و جرت لێدانی منداڵ دەکات).

**چیرۆکبێژ:** (بە پێکەنینەوە) جەنابی ئەکتەر دیالۆگت لە بیرچووەتەوە.

**دەستەڵاتدار:** من ئەکتەر نیم، من بەڕاستی سەرۆکی وڵاتم.

**چیرۆکبێژ:** هاهاهااا ئەکتەر بیت، یان سەرۆک پێویستیت بە یارمەتی منە.

(عەلی بابا بە مۆبایلەکەی وێنەی دەگرێت).

**دەستەڵاتدار:** کەواتە یارمەتیم دەوێ!

**چیرۆکبێژ:** باش گوێم لێ بگرە، یەک جار دەیڵێم و

دووبارەی ناکەمەوە. ئەگەر سیستمی ئیلیکترۆنی دەزگاکە تێک نەچووبێت، تەنیا بە دەنگی تۆ دەکرێتەوە، گوێ بگرە ئامادە بە (موزیکێکی ترسناک و لەسەرخۆ) ئامادە بە، ئەی سمسم بکرێرەوە.

**دەستەڵاتدار:** ئەوجا ئەوە چییە، ئەمە لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوەدا هەیە و بۆیان خوێندمەوە، دەمویست بیڵێم تۆ نەتهێشت، لەسەر نووکی زمانم بوو تۆ نەتهێشت خەتای تۆ بوو لە بیرم چۆبووەوە، لاچۆ لەبەرچاوم ون بە، ئیشم پێت نەما (دەیەوێ هاوار کات ناتوانێ، دەوەستێ، ها چی وت، چاو دەگێڕێ چیرۆکبێژ دیار نییە، دەوەستێ، بەترسەوە سەیری خەڵکی دەکات، دۆش دادەمێنێ، بێ دەنگی.. عەلی بابا دەنگ و وێنەی دەگرێ، لەناکاو دەستەڵاتدار هاواردەکات).

**دەستەڵاتدار:** ئەی....ئەی... سمسم... بکرێرەوە.

(دەرگاکە ڕووناک دەبێتەوە، دەرگاکە هێدی هێدی دەجوولێ).

**دەنگ:** من لە خزمەتدام گەورەم، من لە خزمەتدام..

**دەستەڵاتدار:** سپاس سپاس بۆ تۆ، هەڵگری نهێنی و سامانەکانم.

(ئەشکەوتەکە خشڵ و شتومەکی گرانبەها و پارە و سامانی تێدایە، سەرکردە چەند کارتۆنێکی نەخشێنراو بە وێنەی دۆلاری ئەمریکی و ئیرۆ دادەنێ، پەنجە بە دوگمەیەکدا دەنێت، دەنگی ئەشکەوتەکە بەرز دەبێتەوە، لەسەر شاشەکە دەنووسرێت ٢١٠ ملیار دۆلار، ٢٠٠ ملیار یۆرۆ، کرینی ٢٠٠٠ تانک، ٢٠٠ فڕۆکەی جەنگی، ملیۆنان مین، ملیۆنان کلاشنیکۆف.. ئۆ. ١٢ مانگ ناردنی نەوت بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، هەر ڕۆژی چوار ملیۆن بەرمیل، لە بەرانبەر کرینی چەک... دەرچۆ دەرەوە تا ١٠ دەژمێرم و دادەخرێم یەک دوو،..... سەرکردە دەردەچێ) دامەخرێ هێشتا ئیشم پێتە.

سەرکردە باوەش بە دەرگاکەیدا دەکات، بەڵام دەرگا گرمەیەک دەکات و دادەخرێ، سەرکردە دەڕوات و ون دەبێ، عەلی بابا و مەرجانە لە ئەشکەوتەکە نزیک دەبنەوە.

**مەرجانە:** نیازی چیت هەیە عەلی بابا؟

**عەلی بابا:** بێ دەنگ بە، بیر دەکەمەوە! (بیردەکاتەوە).

(چیرۆکبێژ پەیدا دەبێ).

**چیرۆکبێژ:** نیازی چیت هەیە عەلی بابا!

**عەلی بابا:** وتم بێ دەنگ بە بیردەکەمەوە.

**چیرۆکبێژ:** کاتمان زۆر کەمە. کاتی بیرکردنەوەمان نییە.

**عەلی بابا:** هاها...تۆ کێی؟

**چیرۆکبێژ:** تۆی عەلی بابا درەنگ هاتی ئەگینا کۆدە نهێنییەکەی ئەشکەوتەکەم بە تۆ دەدا، ببورە ژیان هەلێکە، فرسەتێکە دووبارە نابێتەوە، کۆدەکە لای سەرکردەی جەردەکانە.

**عەلی بابا:** وازم لێ بێنە و بیردەکەمەوە، بە دوای دەرفەتی لەدەستچووی خۆمدا دەگەڕێم.

**چیرۆکبێژ:** پێویستیت بە من نییە.

**عەلی بابا:** بەداخەوە مێژوو، تۆ هیچ کات هاوکارم نەبووی، دەمەوێ مێژوویەکی نوێ دروست بکەم.

**چیرۆکبێژ:** فەرموو، من دەڕۆم (سەرشانۆ بەجێ دێڵێ. عەلی بابا مۆبایلەکەی دەردێنێ، لە ئەشکەوتەکە نزیک دەبێتەوە، دەنگەکانی سەکردەی دزەکان بەپەلە تێپەڕدەکەن، تادەگاتە ئەو شوێنەی کە کۆدی ڕاستودروستی ئەشکەوتەکەیە).

**عەلی بابا:** ئاخ... پاتری مۆبایلەکەم هێزی کەمە، ڕەنگە پاترییەکەمان بەش بکات، ڕەنگە بەش نەکات، وسبە مەرجانە هیچ مەڵێ.

**مەرجانە:** کوا من چیم وتووە، بێ دەنگم.

**عەلی بابا:** ئۆۆ وتم بێ دەنگ بە.

**مەرجانە:** بێ دەنگم.

**عەلی بابا:** نا، هیچ مەڵێ، بێ وەڵام (دەمی مەرجانە دەگرێ، لە ئەشکەوتەکە زیاتر نزیک دەبێتەوە، مۆبایلەکەی دادەگیرسێنێ، دەنگی تۆمارکراوی سەرکردەی دزەکان بەرزدەبێتەوە.

: ئەی سمسم بگەرێرەوە، (..چەند دەنگێک پەیدا دەبن.. تووووت تووووت واو واو، بیبب چەند گڵۆپێک دادەگیرسێن یبب تووت.. ماوەیەک بێ دەنگی.. چاوەڕوانییەکی پڕ ماندووبوون..لەناکاو دەنگێک بەرز دەبێتەوە).

**دەنگ:** من لە خزمەتتدام من لە خزمەتتدام، دەکرێمەوە، دەتوانیت هەموو پارەکان ببەیت، بەڵام ناتوانێت پارە دانێت، ئەمڕۆ، هیچ پارەیەک وەرناگرم.

**عەلی بابا:** سپاس سپاس، هیچمان نییە داینێین.

**دەنگ:** کەواتە تا دە دەژمێرم شتەکان بەرن و برۆن.

(عەلی بابا و مەرجانە خەریکن شتەکان بە پەلە دەردەکەن، عەلی بابا دەستێکی لەژێر دەرگای ئەشکەوتەکە دەمێنێ و گیر دەخوا. لەناکاو لەسەرەوە پەیژەکە شۆڕدەبێتەوە، کابرای سەرکردەی دزان خەریکی دابەزینە).

**عەلی بابا:** مەرجانە ئەو پارە و خشڵانە بەرەو برۆ بە خەڵکی بڵێ بابێن و هاوکاریمان بکەن و هەر کەسە و بەشی خۆی ببات، ئیتر لەمەودوا تانک و فرۆکەی شەڕ ناکڕین و شەڕ کۆتایی پێ دێت، مەرجانە لەمەودوا کەس بۆ ئەوروپا ڕاناکات و کەس ئاوارە نابێت، ئەوان چەک نەنێرن ئێمەش ئاوارەیان بۆ نانێرین.

**مەرجانە:** عەلی بابا چۆن تۆ بە جێ بێڵم نابێ و ناڕۆم.

**عەلی بابا:** کچێ وا هات، ڕاکە و پارەکان بەرەو برۆ بەسەر هەژارەکاندا دابەشی بکە، من خۆم ڕزگار دەکەم و دێم (مەرجانە پارە و خشڵەکان دەبات و ڕادەکات سەرکردەی دزەکان بە هەنگاوی زۆر گران و دەنگی پێی ناساز دەگاتە سەر عەلی بابا، نێرگەلەیەکی بە کۆڵەوەیە بە دیارییەوە دادەنیشێ، نێرگەلەکەی خۆش دەکات، کورسییەکی جوان، شیشە ڕەشەکانی زیندان شۆڕدەبنەوە. عەلی بابا ڕادەکێشی و لە بەردەم شیشەکان دایدەنێ، کەلەپچەیەک لە گیرفانی دەردێنێ، نێرگەلە دەکێشێ).

**سەرکردەی دزەکان، دەستەڵاتدار:** دەمێکە چاوەڕوانی ئەم ساتە بووم (بەسەر شانۆکەدا دێت و دەچێ) دیموکراتی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، بۆیە بە ڕۆژنامەکان دەڵێم ناوێکی جوانت بۆ بدۆزنەوە، پاشای دەستبەسەر. ئەی میدیاکان ئیشیان چییە (هاواردەکات) بنووسن هەر ئێستا بە مانشێتی گەورە بڵاوی بکەنەوە سەرۆک و پاشای دەستبەسەر.

(چیرۆکبێژ پەیدا دەبێت و مۆبایلێکی بە دەستەوەیە).

**چیرۆکبێژ:** پاشای دەستبەسەر، یان سەرۆک کۆماری دەستبەسەر، لە هەموو ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە پاشای داهاتووی دەستبەسەر، بەڵێ مەرجانە ژمارەکەتم لە خەڵک و لایەنگرانی پاشای دەستبەسەر وەرگرت و پێم بڵێ بە تەمای چیت و چی دەکەی؟

**دەنگی مەرجانە:** من نازانم جەنابت کێی و ژمارەی تەلەفۆنەکەت لە مۆبایلەکەی من دەرنەکەوتووە..

**چیرۆکبێژ:** ڕاست دەکەی ژمارەی تەلەفۆنی من لای تۆ دەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر ویستت ببینی ڕاست وەرەو لەسەر شانۆ دەمبینی، لە مەسەنجەر بنووسە چیرۆکبێژ دەمدۆزیتەوە.. ئێستا لەسەر شانۆ چاوەڕوانتم.

**دەنگی مەرجانە:** تۆ باسی چی دەکەی من هاوسەرەکەم سەرۆکی ئایینەدی وڵات دەستبەسەرە و لە زیندانە، تۆش دەڵێی وەرە بۆ سەر شانۆ، تۆ کێی؟

**چیرۆکبێژ:** من لایەنگرێکی ئێوەم، منیش دەمەوێ لەگەڵتابم و پاشای دەستبەسەر ڕزگار کەین.

**دەنگی مەرجانە:** هەموو خەڵک ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە لەگەڵما بن، پشتم بگرن، ئێستا لەشارەکان خۆپیشاندان بەڕێوەیە.

**چیرۆکبێژ:** ئەو خەڵکە ئامادەن لەگەڵ تۆدا بێن و داوابکەن ئەو مرۆڤە باشەی کە ویستی خزمەتی میللەت بکات لە زینداندایە و ڕزگاری بکەن؟

**مەرجانە و دەنگی خەڵک:** کامێراکەم کردووەتەوە سەیر کە (دیمەنی خۆپیشاندانەکان نمایش دەکرێ، دەنگی خەڵک و هات و هاوار) بەڵێ، بەڵێ ئامادەین.

**چیرۆکبێژ:** ئەگەر میللەت دەنگی خۆی یەکخات و داواکاری خۆی بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ئاشتیانە بخاتە ڕوو، بە ئامانجی خۆیان دەگەن(بە بینەران) ئەوجا دەبێ وابێ؟

(سەماکاران بەسەر شانۆکەدا سەمایەکی تایبەت دەکەن، سەرکردە دەخرێتە نێوانیانەوە، دوو کەس دەستی عەلی بابا دەگرن بۆ ناوەڕاستی شانۆکەی دێن، هەردوو دەست و کەلەپچەکەی بەرەو ئاسمان دەبات و ماندوویەتی خۆی پیشان دەدات، سەرکردە سەماکارەکان دەردەکات و عەلی بابا بەرەو زیندانەکە دەبات.

**سەرکردەی دزان دەستەڵاتدار:** منیش وەک تۆم.

**عەلی بابا:** بۆ وەک منی؟

**دەستەڵاتدار:** منیش خۆم وەک تۆ زیندانی کردووە.

**عەلی بابا:** دەزانم.. تۆ وڵاتێکت کردووەتە زیندانێکی گەورە و خۆشتی تێدای.

**سەردز، دەستەڵاتدار:** دەمەوێ لە نزیکتەوە بزانم چۆن هەناسە دەدەی، چۆن بیردەکەیتەوە، چۆن سەیری یەکتری بکەین و چۆن داخی دڵی خۆمت پێ نیشان بدەم.

**عەلی بابا:** دەتوانی بزانیت چۆن هەناسە دەدەم، بەڵام ناتوانی بزانیت چۆن بیردەکەمەوە.

**سەردز، دەسـتـەڵاتدار:** شیـعـرم بۆ مـەخـوێنەوە، تاوانەکانتان زۆرن، چاوەڕوانی بڕیاری دادگام.

**عەلی بابا:** دادگا هەر خۆتی، گەورەی دادگا و یاساش خۆتی.

**سەردز، دەستـەڵاتدار:** خوداوەند خۆی ئەم ئەرکەی پێ بەخشیـوم، پێویستـیم بە دەنگی میـللەت نییـە (بیر دەکاتەوە) ئاها ئاها.

تۆ تاوانت زۆرن، گـرنگتـرینیـان ئەمـانەن، ئەمـەش سزاکانیانە:

**یەکەم:** تۆ لە دژی من دەنگی خەڵکیت کۆکردووەتەوە، سەدساڵ زیندانی سزاکەیەتی.

**دووەم:** مۆبایلەکەی خۆت خەڵەتان و فێڵت لێ کرد و دەرگای ئەشکەوتی نهێنییـەکانی منت پێ کردەوە... دووسەد ساڵ زیندانی.

**سێیەم:** سامان و پارەیەکی زۆری منت دزیوە، دووسەد ساڵ زیندانی.

**چوارەم:** کـە زۆر گـرنگە خـۆت و ژنەکـەت و میـللەت پارەکەی منتان دزی و چیتان لێ کرد؟ پێنجسەد ساڵ زیندانی. بە گشـتی هەزار ساڵ تۆ لە زینداندا دەبیت و خوداش بەم کارە زۆر ڕازییە.

**عەلی بابا:** پارەی تۆ نەبوو. سامانی ئەو خەڵکە زۆرە بوو کە بەسەریاندا دابەش کرا.

**سەردز، دەستەڵاتدار:** ئاها ئاها ئاها.. خوداوەند خۆی پێشکەشی منی کـردووە، منیش ناچارم تۆ لە زینداندا ببەستـمەوە و میـللەتیش بە دیاری بۆ ئەوروپا بنێرم و ئاوارەیان بکەم.

**عـەلی بابا:** ئەی لەجیـاتی ئاوارەکردن و ناردنی ئەو خـەڵکە زۆرە بۆ ئەوروپا چیت دەست دەکـەوێ؟ ئەوان چیت بۆ دەنێرن؟

**سەردز، دەستەڵاتدار:** من خەڵکیـان بۆ دەنێرم، ئەوان چەکم بۆ دەنێرن.. تانک..تۆپ.. ڕۆکێت.. فڕۆکە، مین، من سوپاسیـان دەکەم.. ئەگینا خۆمان کارگەی چەکمان نییە، چەک نەمێنێ شەڕ و ئاوارەبوونیش نامێنێ.

**چیرۆکبێژ:** کەواتە ئێستا دەتوانین شانۆگەرییەکەمان تەواو کەین.

**عەلی بابا:** چۆن تەواوی دەکەیت و من هەر لە زینداندا بم.

**چیـرۆکـبـێـژ:** نەخێـر هەر لە زینداندا نابیت، تۆ دەبێ دەرچیت.

**سەردز:** چۆن دەتوانێت لە زیندان دەرچێت؟ من بڕیاری هەزار ساڵ سزای زیندانیم داوە.

**چیرۆکبێژ:** نووسەری شانۆگەرییەکەش بڕیاری داوە کە ئازاد بکرێت (مـەرجـانـە و سـەمـاکـاران دەم و دەسـتـیـان بەسـتـراوە و دێنەوە سەر شـانۆ سەمـایەکی دڵخۆشکەر ئەنجـام دەدەن، سـەرۆکی دزەکـان بەتووڕەیی بەسـەر شانۆکەدا هاتوچۆ دەکات، سەماکاران بە تەنیشتی عەلی باباوە دەوەستن.

**سەردز، دەستەڵاتدار:** کوا نووسەرەکە لە کوێیە ئەویش بگرن، چۆن بڕیاری وا دەردەکات.

**چیـرۆکبـێژ:** جەنابی دیکتـاتۆر نووسـەر یارمـەتی تۆی داوە، ئەگینا تۆ لە کتێبی هەزار و یەک شەوەدا سەرۆکی چل دزی و دەکوژرێیت.

**سەردز، دەستەڵاتدار:** بڕیارم دا تۆش بگرن.

**چیرۆکبێژ:** جەنابی دیکتـاتۆر بە فەرمانی جەنابتان ئەم وڵاتە بووەتە زیندانێکی گـەورە، دەرێش، ناوشـار، ناومـاڵەکـان، سەرکـار و کـاسـبی و زانکۆکـان، هەمـوو شـوێنێک هەر زیندانە، تۆ تەلبـەندێکی گەورەت بە چوار دەوری سنوورەکانی ئەم وڵاتە مەزنەدا دروست کردووە کە هیچ ئازادییەکی تێدا نییە، لێمان مەترسە دەریشەوە هەر زیندانە و دیموکراتی تێدا نییە.

**سـەردز، دەسـتـەڵاتدار:** دیموکـرات کـێـیـە؟ دیموکـراتیش بگرن!

**عەلی بابا:** دیموکراتی لە زیندانێکی گەورەدایە کە پێی دەڵێن وڵات، ئێـمـەش بۆ لای ئەو دەگـەڕێینەوە (هەر هەمـوویان سـەر شـانۆ چۆڵ دەکـەن، تەنیـا سـەردز، دەستەڵاتدار دەمێنێ. پەیژەکە دێتەوە سەر شانۆ، سەردز تەلبەندی زیندانەکە هەڵدەگرێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبات و بە پەیژەکەدا سەر دەکەوێ).

**تەواو**

**سوید، یاڤلە، ٢٠١٦**